# نیعمەتی نەخۆشی
# و
# سود و حوکمەکانی

نوسینی

الشيخ: إبراهيم بن عبد الله المزروعي

وەرگێڕانی

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان

============================================================


لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org
walamakan.com

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على خاتم النبيين، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أنَّ محمداً عبده ورسوله، وبعدُ:

## سوننەتی تاقیکردنەوەی خوایی

نەخۆشی و هەموو ناخۆشیەکانی تر، تەنانەت لەشساغی و تەواوی خۆشیەکانیش سوننەتێکی خواییە بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکان، جا بۆیە بەندە لەبازنەی تاقیکردنەوەدایە لەهەموو شتێکدا و لەگشت بارودۆخێکدا، لەوەی پێی خۆشە ولەوەش پێی ناخۆشە، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ}[الأنبياء:٣٥].

واتە: بوون ومانەوەی مرۆڤ لە دونیادا تەنها تاقیکردنەوەیە بەو ئەرك و سپاردانەی سەرشان لە فەرمان پێکراوەکان قەدەغەلێکراوەکان ، وە بە گۆڕینی حاڵ وبار و بەسەرهاتەکان بەخێر و شەڕەوە ، پاشان سەرەنجام و دواشوێن هەر بۆ لای خوای پەروەردگارە ـ بە تەنها ـ بۆ لێپرسینەوە و پاداشتدانەوە .

ابن عباس دەڵێت: ( واتە تاقیتان دەکەینەوە بە ناخۆشی و خۆشحاڵی و لەشساغی و نەخۆشی و دەوڵەمەندی و هەژاری و حەلاڵ وحەرام و گوێڕایەڵی و تاوان وسەرپێچی و هیدایەت و گومڕایی) [(١)]

جا بۆیە نەخۆشیەکان لە نێو تاقیکردنەوەکاندان و هۆکارێکە کە بە هۆیەوە خوای گەورە بەندەکانی پێ تاقی دەکاتەوە، و لەو کارەشدا چەندین سود و حوکمی تێدایە، پێشەوا ابن القيم زیاتر لە سەد دانەی لێ باس کردوون لە کتێبـی " شفاء العليل" دا .

[(١)] تفسير الطبري ( ١٧/٢٥).

## لەو سود و حوكمانەی نەخۆشی

١- تووش كردنی بەندە بە عیبادەتی صەبر و خۆڕاگری كە بریتیە لە عیبادەتی كاتی ناخۆشی، وەكو چۆن عیبادەتی كاتی خۆشی بریتیە لە شوكر و سوپاسگوزاری.

بۆیە حاڵی بەندە دەگۆڕێت لەنێوان نەخۆشی ولەشساغیدا بۆ ئەوەی صدق و ڕاستگۆیی خواپەرستی كەسەكە دەركەوێت، وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ، إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ، فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ، صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ)[١].

واتە: بەڕاستی حاڵی باوەڕدار سەیرە وجێگەی سەرسوڕمانە، چونكە هەموو حاڵێكی هەر خێـر وچاكەیە بۆی و ئەوەش تەنها بۆ كەسی باوەڕدار نەبێت بۆ كەسی تر نییە، ئەگەر خۆشیەكی تووش بێت سوپاسی خوا دەكات لەسەر و دەبێتە خێر بۆی و ئەگەریش ناخۆشیەكی تووش بێت صەبر بگرێت لەسەری دیسانەوە دەبێت بە خێر بۆی.

٢- سڕینەوەی گوناه و تاوان: نەخۆشی هۆكارێكە بۆ سڕینەوەی ئەو تاوانانەی كە بەدڵ و گوێ وزمان و تەواوی ئەندامەكانی جەستەت ئەنجامت داون.

---

[١] صحيح مسلم برقم (٢٩٩٩).

پێشەوا ابن عبدالبر دەڵێت: ( تاوان موصیبەت و ئازار و نەخۆشی دەبێتە هۆی سڕینەوەیان، و ئەمەش یەکدەنگی زانایانی لەسەرە) [1]، چونکە نەخۆشی هەندێك جار تۆڵە وسزایەکە لەسەر تاوانێك کە کەسەکە کردوویەتی.

خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُوا عَنْ كَثِيرٍ}[الشورى:٣٠]. واتە: ئەو موصیبەت و ناخۆشیانەی کە لەئاین ودونیاتاندا تووشتان دەبێت ـ ئەی خەڵکینە ـ ئەوە بەهۆی تاوان وخراپەی کردەوەی خۆتانەوەیە ، ئەگەر چی پەروەردگارتان لەزۆرێك لەتاوانەکانتان خۆش دەبێت ، و سزاتان نادات لەسەری.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (مَا اخْتَلَجَ عِرْقٌ وَلَا عَيْنٌ إِلَّا بِذَنْبٍ، وَمَا يَدْفَعُ اللَّهُ عَنْهُ أَكْثَرُ) [2]. واتە: هیچ دەمار یان چاو ترازانێك نییە ئیلا بەهۆی تاوانەوەیە، و ئەوەش خوای گەورە چاوپۆشی لێکردووە زۆرترە.

وە پێشخستنی سزای کەسی باوەڕدار لە دونیادا خێرترە بۆی، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِعَبْدِهِ الخَيْرَ عَجَّلَ لَهُ العُقُوبَةَ فِي الدُّنْيَا، وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِعَبْدِهِ الشَّرَّ أَمْسَكَ عَنْهُ بِذَنْبِهِ حَتَّى يُوَافِيَ بِهِ يَوْمَ القِيَامَةِ) [3].

---

(١) التمهيد لابن عبد البر (٢٣/٢٦).

(٢) المعجم الصغير للطبراني برقم (١٠٥٣)، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٥٥٢١)

(٣) سنن الترمذي برقم (٢٣٩٦)، وهو في صحيح الجامع برقم (٣٠٨).

واتە: ئەگەر خوا گەورە خێری بۆ بەندەكەی بوویێت ئەوا سزاكەی پێش دەخات بۆی لە دونیادا، وە ئەگەریش خوای گەورە شەڕ وخراپەی بۆ بەندەكەی بوێت ئەوا سزاكەی بۆ دوادەخات بەهۆی تاوانەكانیەوە بۆ ئەوەی لە رۆژی دواییدا پاداشتی خراپەی بداتەوە.

## هەندێك لەو فەرموودانەی كە باسی ئەوە دەكەن كە نەخۆشی كەفارەتی تاوانە:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُصِيبُهُ أَذًى مِنْ مَرَضٍ، فَمَا سِوَاهُ إِلَّا حَطَّ اللهُ بِهِ سَيِّئَاتِهِ، كَمَا تَحُطُّ الشَّجَرَةُ وَرَقَهَا)[١].

واتە: هەر موسڵمانێك ئازارێكی تووش بێت بەهۆی نەخۆشیەوە یان هەرشتێكی ترەوە ئیلا خوای گەورە بەهۆیەوە تاوانی لێ دەسڕێتەوە وەكو چۆن دار گەڵاكانی لێ دەوەرێت و دەكەوێتە خوارەوە.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (مَا يَزَالُ البَلَاءُ بِالمُؤْمِنِ وَالمُؤْمِنَةِ فِي نَفْسِهِ وَوَلَدِهِ وَمَالِهِ حَتَّى يَلْقَى اللَّهَ وَمَا عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ)[٢].

واتە: بەردەوام بەڵاو كارەسات دێت بەسەر باوەڕداردا چ خۆی یان منالّی یان ماڵی ئیتر ژن بێت یان پیاو هەتا وای لێ دێت كە دەگاتە خوای گەورە هیچ تاوانی بەسەرەوە نەماوە.

---

[١] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٥٦٤٨)، ومسلم برقم (٢٥٧١)، واللفظ له.

[٢] سنن الترمذي برقم (٢٣٩٩).

## ٣- نووسینی چاکە و بەرزبونەوەی پلەوپایە:

جا ئەگەر بەندە ئارامی گرت لەسەر نەخۆشی ئەوا پاداشت دەدرێتەوە بە چاکە نووسین بۆی یان بەرزبونەوەی پلە وپایەی و بەدەست هێنانی پاداشتی گەورە، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُشَاكُ شَوْكَةً، فَمَا فَوْقَهَا إِلَّا كُتِبَتْ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ، وَمُحِيَتْ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ)[١]

واتە: هیچ موسڵمانێك نییە کە دڕکێك دەچێت بەلەشیدا یان لەوە بچووکتر ولەخوارئەووەوە ئیلا بەهۆی ئەووەوە پلەیەکی بۆ دەنووسرێت و تاوانێکی لەسەر دەسڕێتەوە.

لە فەرموودەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: (لَا يُصِيبُ مُؤْمِنًا نَكْبَةٌ مِنْ شَوْكَةٍ، فَمَا فَوْقَ ذَلِكَ، إِلَّا حُطَّتْ بِهِ عَنْهُ خَطِيئَةٌ، وَرُفِعَ بِهَا دَرَجَةً) [٢] .

واتە: هیچ موصیبەتێك تووشی باوەڕدار نابێت بەهۆی دڕکێکەوە یان لەوە بچووکتریش ئیلا خوای گەورە بەهۆی ئەووەوە تاوانێکی لەسەر دەسڕێتەوەو وپلەیەك بەرزی دەکاتەوە.

---

[١] صحيح مسلم برقم (٢٥٧٢).

[٢] مسند احمد برقم (٢٥٢٦٤)، وهو في صحيح الجامع برقم (١٦٦٠).

## ٤- هۆکارێکە بۆ چوونە بەهەشت:

بەهەشت بەدەست نایەت ئیلا بەو شتانە نەبێت کە نەفس حەزی لێ ناکات: وەکو لە فەرمووددا هاتووە: (حُفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ)[1].

واتە: بەهەشت چواردەور دراوە بە ناخۆشیەکان.

پێغەمبەری خوا ﷺ بەو ئافرەتەی کە تووشی پەرکەم دەبوو فەرمووی: (إِنْ شِئْتِ صَبَرْتِ وَلَكِ الجَنَّةُ)[2]. واتە: ئەگەر بتەوێ ئارام بگری و دان بەخۆتدا بگری ئەوا بەهەشتت بۆ هەیە.

لەفەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە: (إِذَا ابْتَلَيْتُ عَبْدِي بِحَبِيبَتَيْهِ فَصَبَرَ، عَوَّضْتُهُ مِنْهُمَا الجَنَّةَ)[3]

واتە: ئەگەر بەندەکەمم تاقی کردەوە بە لێ سەندنەوەی دوو خۆشەویستەکەی (هەردوو چاوی) وئەویش ئارامی گرت وخۆڕاگر بوو لەسەر ئەوا بۆی قەرەبوو دەکەمەوە بە بەهەشت.

جا بۆیە بەلا وکارەسات و نەخۆشی وخەفەت ودڵتەنگی لەهۆکارەکانی چوونە بەهەشتن.

---

[1] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٦٤٨٧)، ومسلم برقم (٢٨٢٢) واللفظ له.

[2] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٥٦٥٢)، ومسلم برقم (٢٥٧٦).

[3] صحيح البخاري برقم (٥٦٥٣).

### ٥- رزگاربوون لە ئـاگر:

لە ئەبوهورەیرەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ: (أَنَّهُ عَادَ مَرِيضًا، وَمَعَهُ أَبُو هُرَيْرَةَ مِنْ وَعْكٍ كَانَ بِهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَبْشِرْ فَإِنَّ اللَّهَ يَقُولُ: هِيَ نَارِي أُسَلِّطُهَا عَلَى عَبْدِي الْمُؤْمِنِ فِي الدُّنْيَا، لِتَكُونَ حَظَّهُ مِنَ النَّارِ، فِي الْآخِرَةِ)[١] .

واتە: جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی نەخۆشێکی کرد و ئەبوهورەیرەشی لەگەڵدا بوو کە کەسەکە تووشی تا بوبوو، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺفەرمووی: مژدەت لێ بێت چونکە خوای گەورە دەفەرمویێت: تا ئاگری منە و دەینێرم بۆ سەر بەندە باوەڕدارەکەم لە دونیادا بۆ ئەوەی ئەو پشك و بەشی ئەو بێت لە ئاگر لە بری دوارۆژ.

لە عـائیشەوە رضي الله عنها بە مەرفوعی دەڵێت: (الْحُمَّى حَظُّ كُلِّ مُؤْمِنٍ مِنَ النَّارِ)[٢] واتە: تا بەش وپشکی هەموو باوەڕدارێکە لە ئاگر.

**٦- گەڕاندنەوەی بەندە بە لای پەروەردگاری و وەبیرهێنانەوەی تاوان و سەرپێچیەکانی و بەئاگاهێنانەوەی لەو دڵ مردوویی و بێ ئاگاییەی کە تێیدابوو:** ئەوەش لەبەر ئەوەی نەخۆشی وموصیبەت دەبێتە هۆی ئەوەی بەندەی بێ ئاگا لە خوا بەئاگابهێنێتەوە و وای لێ بکات واز لەتاوان بهێنێت ودەستی لێ هەڵبگرێت، چونکە ئەگەر تووشی نەخۆشی وناخۆشی بوو ئەوا لەو کاتەدا هەست بە لاوازی و زەلیلی

(١) سنن ابن ماجه برقم (٣٤٧٠)، وهو في الصحيحة (٥٥٧).

(٢) مسند البزار برقم (١٨٢١)، وصححه الألباني في الصحيحة (١٨٢١).

وەهۆاری خۆی دەکات بۆ خوای گەورە وکەمتەرخەمی و کەموکورتی خۆی وەبیردێتەوە و بە پەشیمانیەوە دەگەڕێتەوە بۆلای، خوای گەورە دەفەرمویێت: {وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَى أُمَمٍ مِنْ قَبْلِكَ فَأَخَذْنَاهُمْ بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ}[الأنعام:٤٢].

واتە: وە بە دڵنیایەوە ـ ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ـ لە پێش تۆ پەیامبەرانی ترمان ناردووە بۆ کۆمەڵانێکی زۆر لە خەڵك بۆ ئەوەی بانگیان بکەن بۆ لای خوای بەرز وبڵند پایەبەرز ، کەچی ئەوان باوەڕیان پێ نەهێنان و بەدرۆیان زانین ، بۆیە ئێمەش تاقیمانکردنەوە لەماڵ وسامانیاندا بەهەژاری توند و ئەستەمی گوزەران ، وە تاقیمان کردنەوە لە لەشیاندا بەنەخۆشی و ئێش وئازار ، بەئومێد و ڕەجای زەلیل بوون و ملکەچبوونیان تەنها بۆ ئەو لە پەرستندا .

پیشەوا تەبەری - ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێـت: " تاقیانمان کردەوە بە هەژاری و نەخۆشی سەخت و دژوار بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ لای من و بە ئیخلاصی من بپەرستن "[1]

شیخی ئیسلام ابن تیمیە دەڵێت: " موصیبەتێك وات لێ بکات ڕوو بکەیتە خوا باشترە لە نیعمەتێك زیکری خوات لەبیر بباتەوە "[2]

## ٧- نەخۆشی وات لێ دەکات نیعمەتەکانی پێشوو و ئێستاتیش بیربکەوێتەوە

**بیربکەوێتەوە** : بۆ نمونە نەخۆشی زۆر لەو نیعمەتانەت وەبیردەهێنێتەوە کە تۆ چێژت

---

(١) تفسير الطبري (٧/١٩٢).

(٢) تسلية أهل المصائب (ص٢٢٦).

لێیان وەردەگرت لەکاتی لەشساغیدا، ئەوەش بۆ ئەوەی ئەو وەبیرهێنانەوەیە هۆکارێك بێت بۆ زیادە شوکر و سوپاسگوزاری خوای گەورە و ئەمەش گەورەترین سوود وکەڵکە بۆ بەندە.

٨- حاڵی برا نەخۆشەکانت وەبیردەکەوێتەوە: ئەوانەی کە تۆ لەکاتی لەشساغی و تەندروستیدا لێیان بێ ئاگابوویت و وات لێ دەکات هەستیت بە پێدانی مافەکانیان و داین کردن وپڕکردنەوەی پێویستیان و سەردانی کردنیان و سووك کردنی موصیبەت و نارەحەتیەکانیان و دڵدانەوەیان و هاوسۆزی نواندن بۆیان و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی هۆیەکانی شیفادانیان لە دوعا کردن بۆیان و جگە لەوەش.

٩- پاکبوونەوەی دڵ لە نەخۆشیەکانی وەکو خۆ بەگەورە زانین و چ بەدڵ بێ یان بەجەستە و هەروەها بەخۆسەرسام بوون وحەسوودی و نەخۆشیەکانی تریش.

پێشەوا ابن القیم – رەحمەتی خوای لێ بێـت- دەڵێت: " سوود وەرگرتنی دڵ و رۆح لە ئازار ونەخۆشی حاڵەتێکە کەس هەستی پێ ناکات ئەوانە نەبێت کە دڵ وناخیان ژیانیان تێدایە، چونکە تەندروستی دڵ ورۆح وەستاوە لەسەر ئازاری جەستە و نارەحەتیەکانی "[1]

[1] شفاء العلیل (ص ٥٢٤).

## نەخۆشی نیعمەت و بەخششە

ئەوانەی تا ئێستا باسیان لێــوەكرا لە هەندێ لە سوودەكانی نەخۆشی ئەوەمان بۆ ڕوون دەكەنەوە كە نەخۆشی و موصیبەت نیعمەت و بەخشش و ڕەحمەتێكە لەلایەن خوای گەورەوە، وە لەبەر ئەوەی نەخۆشی وبەلا نیعمەتن بۆیە پیاوچاكان پێی دڵخۆش دەبوون وەكو چۆن یەكێك لە ئێمە بە خۆشی و لەشساغی دڵخۆشە.

پێغەمبەری خوا ﷺ باسی تاقی كردنەوەی پێغەمبەران و پیاوچاكان دەكات بە نەخۆشی و شتی تر و پاشان فەرمووی: (وَإِنْ كَانَ أَحَدُهُمْ لَيَفْرَحُ بِالْبَلَاءِ، كَمَا يَفْرَحُ أَحَدُكُمْ بِالرَّخَاءِ) [1]. واتە: یەكێك لە ئەوان دڵخۆش دەبوو بە هاتنی بەلا وەكو چۆن یەكێك لە ئێوە دڵخۆش دەبێت بە خۆشی و كامەرانی.

وە پێشەوا ابن القيم ئەوەی باس كردووە لە كتێبــی " مدارج السالكين" دا دەڵێت:

" رازی بە بەخوا لە هەموو ئەو شتانەی بەسەرتدا دەهێنێت، چونكە خوا لێت ناگرێتەوە بۆ ئەوە نەبێت كە پێت ببەخشێت، و تاقیت ناكاتەوە بۆ ئەوە نەبێت كە سەلامەت وكامەرانت بكات، وە نەخۆشت ناخات بۆ ئەوە نەبێت كە شیفات بدات، وە ناتمرێنێت بۆ ئەوە نەبێت زیندووت بكـــاتەوە، جا وریا بە لەوەی بۆ ساتێكیش رازی بوونت بە قەدەر لەدەست بدەیت و بەو هۆیەوە لە پێش چاوی بكەوی " [2]

---

[1] سنن ابن ماجة برقم (٤٠٢٤)، وصححه الألباني في الصحيحة برقم (١٤٤).

[2] مدارج السالكين (٢/٢١٦) وراجعه ففيه كلامٌ نفيس.

وە پێشەوا سوفیانی سەوری دەڵێت: " شارەزا وتێگەیشتوو نییە ئەو کەسەی کە بەڵا وناخۆشی بە نیعمەت دانەنێت و خۆشی وکامەرانیش بە موصیبەت " [1]

بەڵاو ناخۆشی سەخت وناڕەحەت دەبێتەوە لەسەر کەسی باوەڕدار بەگوێرەی باوەڕەکەی:

عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: (مَا رَأَيْتُ أَحَدًا أَشَدَّ عَلَيْهِ الوَجَعُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) [2].

واتە: هیچ کەسێکم نەبینیوە ئازار لەسەری سەخت و ناڕەحەت بووبێت ئەوەندەی پێغەمبەری خوا ﷺ .

* * * * * *

---

[1] حلية الأولياء (٧/٥٥).

[2] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٥٦٤٦)، واللفظ له، ومسلم برقم (٢٥٧٠).

## مژدەیەك بۆ كەسانی نەخۆش

ئەوەی تۆ ئەنجامت دەدا لە عیبادەت و گوێڕایەڵی وئێستا بەهۆی نەخۆشیەوە ناتوانی ئەنجامیان بدەیت ئەوا بۆت دەنووسرێت یا نەشتكردبێت؟!

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (إِذَا مَرِضَ العَبْدُ، أَوْ سَافَرَ، كُتِبَ لَهُ مِثْلُ مَا كَانَ يَعْمَلُ مُقِيمًا صَحِيحًا) [1]. واتە: ئەگەر بەندە نەخۆش كەوت یان سەفەری كرد، ئەوا هەرچی كردبێت لەشوێنی خۆیدا و لەكاتی لەشساغیدا بۆی دەنووسرێت و هەژمار دەكرێت بۆی.

لە ئەنەسەوە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (إِذَا ابْتَلَى اللهُ الْعَبْدَ الْمُسْلِمَ بِبَلَاءٍ فِي جَسَدِهِ، قَالَ لِلْمَلَكِ: اكْتُبْ لَهُ صَالِحَ عَمَلِهِ الَّذِي كَانَ يَعْمَلُ، فَإِنْ شَفَاهُ، غَسَلَهُ وَطَهَّرَهُ، وَإِنْ قَبَضَهُ، غَفَرَ لَهُ وَرَحِمَهُ) [2] واتە: ئەگەر خوای گەورە بەندە موسڵمانەكەی خۆی تووشی بەلاكرد لە جەستەیدا، بە فریشتەكە دەڵێت: ئەو كردەوە چاكەی بۆ بنووسە كە پێشتر دەیكرد، جا ئەگەر شیفای بۆ هات ئەوا دەیشۆرێت و پاكی دەكاتەوە و ئەگەریش تەمەنی لێ سەندەوە و مرد ئەوا لێی خۆش دەبێت و ڕەحمی پێ دەكات.

---

[1] صحيح البخاري برقم (٢٩٩٦).

[2] مسند أحمد برقم (١٣٧١٢)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٥٨).

**ئارام گرتن لەسەر بەلاو نەخۆشی:**

ئەوەی ئەركی تۆیە برای نەخۆشم لەكاتی نەخۆشیدا دان بەخۆداگرتن و ئارام گرتنە لەسەری.

شێخی ئیسلام دەڵێت: " ئارام گرتن لەسەر موصیبەت واجبە بە یەكدەنگی زانایانی دین " [1]

پێشەوا ابن القیم دەڵێت: " ئارام گرتن لەسەر موصیبەت واجبە بە یەكدەنگی زانایانی دین و ئەوەش بریتیە لە نیوەی باوەڕ، چونكە باوەڕ دوو نیوەیە، نیوەیەكی بریتیە لە ئارام گرتن و نیوەكەی تری بریتیە لە شوكر وسوپاسگوزاری "

هەروەها دەڵێت: " وە ئارام گرتنیش بە سێ شت بەدی دێت:

١- ناخ و دەروون حەبس كردن لە توڕەیی وناسزایی .

٢- زمان حەبس كردن لە سكالآ كردن لای خەڵك .

٣- حەبس كردنی ئەندامەكان لە ئەنجام دانی كردارێك كە پێچەوانە و دژی ئارام گرتن بێت ".

---

[1] تسلية أهل المصائب (ص ١٧٣).

**پاشان باسی جۆرەکانی ئارام گرتن دەکات کە ٢٢ جۆرە و لەوانە:**

خوای گەورە باس و وەصفی ئارام گران دەکات و خۆشیانی دەوێت و لەگەڵیاندایە، و چەندین ئایەتیش لەسەر ئەوە هەن.

لەوانە: خوای گەورە دەفەرموێت: {وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ}[البقرة:١٧٧]، واتە: ئەوەی ئارامگر بێت لەکاتی هەژاری ونەخۆشیدا ، وە لەکاتی گەرمە و توندی جەنگدا . ئەوانەی کە ئەم سیفەتانەیان تێدایە ئائەوانەن کە لەباوەڕهێنانەکەیاندا ڕاستگۆبوون ، وە هەر ئەوانەشن کە خۆیان لەسزای خوای پەروەردگار پاراستوە بۆیە لەسەرپێچیەکان بەدور بوون .

هەروەها دەفەرموێت: {وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ}[آل عمران:١٤٦]. واتە: خواش ئارامگرانی خۆش دەوێت .

هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: {وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ}[الأنفال:٤٦]. واتە: ئارامگر و خۆڕاگربن لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن . بێگومان خوای پەروەردگار لەگەڵ ئارامگر و خۆڕاگراندایە بەسەرخستن و یارمەتیدان وپشتگیری لێکردنیان ، و هەرگیز سەرشۆڕیان ناکات .

هەندێ لە سەلەف وتویانە: " ئارامگران خێری دونیا ودوارۆژیان بردەوە، چونکە لەگەڵ بوونی خوایان بەدەست هێنا "[1]

---

[1] عُدَّةُ الصابرين (ص ١٣٤).

خوای گەورە دەفەرموێت: {قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ} [الزمر: ١٠]

واتە: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ : بەبەندە باوەڕدارەكان بەخوا و پەیامبەرەكەی بڵێ : لە پەروەردگارتان بترسن بەگوێڕایەڵیكردنی و دووركەوتنەوە لە سەرپێچیكردنی . بۆ ئەوانەی كە چاكەكارن لەم دونیایەدا بە خواپەرستیان چاكەیان بۆ هەیە لەدوارۆژدا كە ئەویش بەهەشتە ، و چاكەشیان بۆ هەیە لەدونیادا لەلەشساغی و ڕزق وڕۆزی و سەركەوتن و جگە لەوانەش . وە زەوی خوا فراوانە ، بۆیە كۆچی تێدا بكەن بۆ ئەو شوێنەی كە دەتوانن پەروەردگارتان بپەرستن ، و دینەكەتان پەیڕەوبكەن . بێگومان ئارامگران پاداشتەكەیان لەدوارۆژدا وەردەگرن بەبێ شومار وئەنداز و سنوور ، و ئەمەش گەورەیی پاداشتی خوڕاگرانە .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (مَا أُعْطِيَ أَحَدٌ عَطَاءً خَيْرًا وَأَوْسَعَ مِنَ الصَّبْرِ)[١]. واتە: هیچ شتێك نەدراوە بە بەندە خێرتر و فراوانتر بێت لە ئارام گرتن.

[١] متفق عليه: رواه البخاري برقم (١٤٦٩) ومسلم برقم (١٠٥٣).

هەروەها باس و قسەی سەلەف لەم بارەیەوە زۆرە وەكو:

عومەری كوڕی خەتتاب ﷺ دەڵێت: (وَجَدْنَا خَيْرَ عَيْشِنَا بِالصَّبْرِ)

واتە :" باشترین گوزەرانمان بە صەبر وئارامگری بینیەوە " [١]

وە عەلی كوڕی ئەبوتالیب ﷺ دەڵێت: (الصبر من الإيمان بمنزلة الرأس من الجسد)

واتە " ئارام گرتن لە باوەڕدا وەكو سەر وایە لە جەستەدا " [٢]

حەسەنی بەصری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (الصبر كنز من كنوز الخير، لا يعطيه الله إلا لعبد كريم عنده)

واتە " ئارام گرتن گەنجینەیەكە لە گەنجینەكانی خێـــر، خوای گەورە نایبەخشێت بە كەس مەگەر بە بەندەیەكی بەڕێـــز نەبێت بەلایەوە " [٣]

* * * * * *

[١] صحيح البخاري (٨/ ٩٩).

[٢] تسلية أهل المصائب لابن تيمية (ص ١٨٢).

[٣] تسلية أهل المصائب لابن تيمية (ص ١٨٢).

## هۆکارە یارمەتیدەرەکانی ئارام گرتن لەسەر نەخۆشی

١- زانینی ئەوەی کە نەخۆشی بە قەدەری خوایە و خوای گەورە دەفەرموێت: {قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا} [التوبة:٥١]. واتە: ئەی نێردراوی خودا ﷺ : بەو سەرنەخەرانە وەکو سەرزەنشتێك بڵێ : بێگومان هیچ شتێکمان تووش نابێت جگە لەوە نەبێت کە خوای پەروەردگار لەسەری نووسیوین لە لەوحی مەحفوزدا.

هەروەها دەفەرموێت:{مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ} [التغابن:١١]. واتە: هەر ناخۆشی و بەڵایەك توشی کەسێکتان دەبێت ئیللا بە ویست و قەزا وقەدەری خوای پەروەردگارە . وە هەر کەسێك باوەڕ بە خوای پەروەردگار بهێنێت ئەوا دڵی هیدایەت دەدات بۆ ملکەچبوون و ڕازیبوون بە فەرمانی و ڕازیبوونی بە قەزا و قەدەری.

عەلقەمەی ڕاڤەکانی قورئان دەڵێت: " ئەوە کەسێکە کە موصیبەتێکی تووش دەبێت و دەزانێت کە لەلایەن خواوەیە بۆیە ڕازی دەبێت و خۆی بەدەستەوە دەدات "[١]

٢- دڵنیابیت لەوەی کە خوای گەورە لە خۆت و لە هەموو خەڵکی بە ڕەحمتر و بە بەزەییترە بۆت، خوای گەورە دەفەرموێت: {كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ}[الأنعام:٥٤].

واتە: خوای شکۆدار و پایەبەرز ڕەحم وبەزەیی لەسەر خۆی پێویست کردووە.

---

[١] تفسير ابن كثير (١٦٣/٨).

(عمر)ی کوڕی (خەتتاب)(خوای لیّ ڕازی بێت) دەڵیّ: چەند ژن و منداڵێك لە بێباوەڕەکان بەدیلی هێنرانە خزمەت پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ژنێکیان تێدابوو هەر ئەملا و ئەولای دەکرد. لەناکاو منداڵێکی دۆزیەوە و هەڵی گرت و نووسانی بەسنگیەوە و شیری دایە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێی فەرموو: (باوەڕ دەکەن ئەم ژنە دەستی تێبچێت منداڵەکەی فڕێبداتە ناو ئاگرەوە) وتمان: نەبەخوا، تا لەتوانایدا هەبێت شتی واناکات،

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لَلَّهُ أَرْحَمُ بِعِبَادِهِ مِنْ هَذِهِ بِوَلَدِهَا)[1]

واتە: خوای گەورە بە بەزەییترە بۆ بەندەکانی لەم دایکە بۆ جگەرگۆشەکەی.

جا کە ئەو ڕاستیەت زانی ئەوا ئەو زانینە پاڵت پێوە دەنێت بۆ خۆ بەدەستەوەدان بۆ ئەوەی پێویستە ودەکرێت ئەنجام بدرێت و هەروەها دان بەخۆداگرتن وئارامگرتنیش لەسەر کردنی.

٣- بزانیت کە حەق ومافی خوا بەسەرتەوە لەم کاتی بەلاّ وناخۆشیەدا بریتیە لە صەبر وئارامگری، کە ئەوەش عیبادەتی کاتی ناخۆشی و نەخۆشیە.

٤- سود و بەروبومەکانی نەخۆشیت بیردەکەوێتەوە، کە پێشتر باسیان کرا.

---

[1] متفق علیه: رواه البخاري برقم (٥٩٩٩)، ومسلم برقم (٢٧٥٤).

٥- بزانیت کە خوای گەورە لەم نەخۆشیەدا خێری بۆت ئەوێت، چونکە وەکو لە فەرمووددا هاتووە: (مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُصِبْ مِنْهُ)[٢] واتە: هەرکەسێك خوای گەورە خێری بۆی بووێت ئەوا تووشی دەکات.

٦- بزانیت کە تاقی کردنەوە بە نەخۆشی وشتی تریش نیشانەیەکە لەسەر خۆشەویستی خوا بۆ بەندە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ عِظَمَ الجَزَاءِ مَعَ عِظَمِ البَلاَءِ، وَإِنَّ اللَّهَ إِذَا أَحَبَّ قَوْمًا ابْتَلاَهُمْ، فَمَنْ رَضِيَ فَلَهُ الرِّضَا، وَمَنْ سَخِطَ فَلَهُ السَّخَطُ)[١]. واتە: گەورەیی پاداشت لەگەڵ گەورەیی بەڵادایە، وە خوای گەورە کە کەسانێکی خۆش بووێت تاقیان دەکاتەوە، جا ئەوەی رازی بێت ئەوا رەزامەندی خوای بۆ هەیە وئەوەیش تورە بێت ئەوا تورەیی خوای بۆ هەیە.

٧- وە لەو کارانەی کە هاریکارتن بۆ ئارامگرتن ئەوەیە کە بزانیت بۆڵە و سکاڵاکردن سوودی بۆت نییە بەڵکو ئازارەکانت چەند قات دەکاتەوە وموصیبەتەکەت لەسەر قورستر دەکات و پاداشتیشت لەدەست دەردەکات، وەکو لە فەرموودەکەی پێشودا باسی کرا: (فَمَنْ رَضِيَ فَلَهُ الرِّضَا، وَمَنْ سَخِطَ فَلَهُ السَّخَطُ)

٨- بیرخستنەوەی مـــردن و خێرا جێ هێشتنی ئەم دونیایە: لەکاتی نارەحەت بوونی نەخۆشیدا بیرکردنەوە لە مردن سوکتری دەکات، بە هەمان شێوە ئاسودەتری دەکات لەبەر ئەوەی پاداشت ودەستکەوتی ئەو کارە دەزانێت، چونکە لە ئەبی هورەیرەوە هاتووە کە

---

[٢] صحيح البخاري برقم (٥٦٤٥).

[١] سنن الترمذي برقم (٢٣٩٦)، وحسنه الألباني في صحيح سنن الترمذي (٢/٢٨٦).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (أَكْثِرُوا ذِكْرَ هَاذِمِ اللَّذَّاتِ، فَمَا ذَكَرَهُ عَبْدٌ قَطُّ وَهُوَ فِي ضِيقٍ إِلَّا وَسَّعَهُ عَلَيْهِ، وَلَا ذَكَرَهُ وَهُوَ فِي سَعَةٍ إِلَّا ضَيَّقَهُ عَلَيْهِ)[1]

واتە: زۆر یادی روخێنەری خۆشیەکان بکەنەوە، چونکە هیچ کەسێك نییە کە لەکاتی ناخۆشی وتەنگانەدا بیر لە مردن بکاتەوە ئیلا فراوان دەبێت بۆی ولەسەری سووك دەبێت و هیچ کەسێکیش نییە کە لەکاتی فراوانی و خۆشگوزەرانیدا یادی بکاتەوە ئیلا بەرتەسك دەبێتەوە لەسەری.

وە عومەری کوڕی عبدالعزیز دەڵێــت: " ئەگەر لە دونیادا شتێك خەمباری کردی ئەوا یادی مردن بکەرەوە لەسەرت ئاسان دەبێت "[2]

٩- وە لە هۆکارەکانی ئارامگری لەسەر نەخۆشی: ئەوەیە کە بزانیت دونیا شوێنی تاقیکردنەوەیە و جێگەی ماندوبون و نەخۆشی وخەمە، خوای گەورە دەفەرمویێت: {لَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِي كَبَدٍ}[البلد:٤]. واتە: مرۆڤمان لە سەختی و نارەحەتی دروست کردووە، لەبەرێکردنی دژواریەکانی ژیان .

هەندێ لە سەلەف وتویانە: " واتە بەرێکردنی سەختی ودژواریەکانی ژیانی دونیا و نارەحەتیەکانی دوارۆژ "[3]

١٠- دڵ دانەوە بە سەیرکردنی حاڵ وگوزەرانی ئەوانەی بەلا ونەخۆشیەکەیان لەتۆ سەختتر ونارەحەتترە.

---

[1] صحيح ابن حبان برقم (٢٩٩٣)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع برقم (١٢١١).
[2] الفرج بعد الشدة لابن أبي الدنيا (ص٤٢).
[3] تفسير ابن جرير (١٩٧/٣٠).

١١- سەیركردنی ئەو نیعمەتانە كە هێشتا خوای گەورە بۆتی هێشتۆتەوە وەكو نیعمەتی ئیمان وعەقڵ و چاو و گوێ وزمان ونیعمەتەكانی تر.

پێشەوا بەكری موزەنی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " ئەگەر ئەتەوێ بەهای نیعمەتەكانی خوا بەسەرتەوە بزانیت ئەوا چاوەكانت بۆساتێك دا بـخـە "[1]

١٢- یەكێكی تر لە هاریكاریەكان لەسەر ئارامگرتن بریتیە لەوەی دەرونت ڕابهێنی لەسەر ئارامگری و زۆر لەخۆت بكەیت، چونكە لە فەرموودەدا هاتووە: (وَمَنْ يَتَصَبَّرْ يُصَبِّرْهُ اللَّهُ)[2] واتە: ئەوەی هەوڵ بدات بۆ ئەوەی صەبربگرێت ئەوا خوای گەورە صەبرگرتنی پێ دەبەخشێت و هاوكاری دەكات.

١٣- كۆتا هۆكار بریتیە لە چاوەڕێ كردنی خۆشی و ئومێدبوون بەكۆتایی هاتنی ئەو ناخۆشیە، و چونكە ئەمەش دەبێتە هۆی بارسوكیەك بۆ نەخۆشەكە و هاوكاریەك بۆی لەسەر ئارام گرتن.

* * * * * *

---

(١) الشكر لابن أبي الدنيا (ص ١٥٧).

(٢) متفق عليه: رواه البخاري برقم (١٤٦٩)، واللفظ له، ومسلم برقم (١٠٥٣).

## چەند ئامۆژگاریەك بۆ كەسی نەخۆش

١- واز بێنە لە وتنی وشەی ( ئەگەر) چونکە دەرگا وکاری شەیتان دەکاتەوە، چونکە ئەگەر بەهۆیەك لە هۆکارەکان نەخۆش کەوتیت مەڵێ: ئەگەر وام بکردایە و ئاوا دەبوو، یان ئەگەر وام نەکردایە ئەوا نەدەبوو، ئەوە لەڕاستیدا پەڵپ گرتنە لە قەدەری خوا.

٢- هیچی تێدا نییە ئەگەر تیماری نەخۆشی بکەیت و هەوڵی چارەسەر بدەیت وبگەڕێیت بەدوای هۆکاری شیفادا و پزیشکی لێهاتوو بدۆزیتەوە، ئەوەش لەبەر فەرموودەی: (تَدَاوَوْا عِبَادَ اللَّهِ، فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى لَمْ يَضَعْ دَاءً إِلَّا وَضَعَ لَهُ دَوَاءً)[١]

واتە: بەندەکانی خوا تیماری نەخۆشیەکانتان بکەن، چونکە خوای گەورە هیچ نەخۆشیەکی دانەناوە ئیلا چارەسەرێکیشی بۆ داناوە.

بەڵام وریای دوو حاڵەت بە:

(أ) ئەوە بزانە کە تیمار و دەرمان تەنها هۆکارێکن بۆ شیفا و شیفادەری ڕاستەقینە بریتیە لە خوای گەورە و هەرگیز دڵت تەواو پەیوەست نەکەیت بە هیچ پزیشکێکەوە.

(ب) نەکەیت تیمار و چارەسەر بە شتی حەرام کراو بکەیت لەبەر فەرموودەی: (تَدَاوَوْا، وَلَا تَتَدَاووا بِحَرَامٍ)[٢] واتە: نەکەن تیمار وچارەسەر بە حەرام بکەن.

---

[١] سنن ابي داود برقم (٣٨٥٥)، وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم (٢٩٣٠).

[٢] المعجم الكبير للطبراني برقم (٦٤٩)، وحسَّن سنده الألباني في الصحيحة برقم (١٦٣٣).

٣- لە مردن مەترسە، چونکە نەخۆشی لە مردن نزیکت ناکاتەوە وەکو چۆن لەشساغی لە مردن دوورت ناخاتەوە.

كَمْ مِن صحيحٍ ماتَ مِن غيرِ عِلَّةٍ * * * وكَمْ مِن عَليلٍ عَاشَ حِيناً مِن الدَهرِ

وكَمْ مِن فَتىً يُمسي ويُصبح آمنا * * * وقَد نُسِجَتْ أكفَانُهُ وهُو لا يَدْرِيْ

٤- ئاوات بە مەرگ ومردن نەخوازیت و دوعا لە خۆت نەکەیت کاتێك کە ئازار زۆرت بۆ دەهێنێت و نەخۆشیەکە ناڕەحەتت دەکات.

لە ئەنەسەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (لَا يَتَمَنَّيَنَّ أَحَدُكُمُ الْمَوْتَ لِضُرٍّ نَزَلَ بِهِ، فَإِنْ كَانَ لَا بُدَّ مُتَمَنِّيًا فَلْيَقُلْ: اللهُمَّ أَحْيِنِي مَا كَانَتِ الْحَيَاةُ خَيْرًا لِي، وَتَوَفَّنِي إِذَا كَانَتِ الْوَفَاةُ خَيْرًا لِي) [1] واتە: هیچ یەکێکتان ئاوات بە مردن نەخوازێت لەبەر ناخۆشیەك کە تووشی بووە، وە ئەگەر هەر دەبێت شتێك بڵێت وناچارە ئەوا با بڵێت: خوایە بمژێنە ئەگەر ژیان خێرترە بۆم، وە بمرێنە ئەگەر مردن خێرترە بۆم.

شێخ عبدالرحمن سعدی - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - دەڵێت: " ئەم فەرموودەیە نەهی تێدایە لە ئاوات خواستن بە مردن بەهۆی ئەوەی کەسەکە تووشی نەخۆشی یان هەژاری یان ترس یان کەوتنە ناو کارەسات و ناڕەحەتیەکەوە، چونکە ئاوات خواستن بە مردن چەندین خراپەی هەیە، لەوانە: بەندە وا لێ دەکات توڕەیی خوای بێتە سەر و خۆیشی تووشی بۆڵەبۆڵ و سکاڵاکردن بێت لەکاتێکدا فەرمانی بە صەبر وئارام گرتنی

[1] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٥٦٧١) ومسلم برقم (٢٦٨٠).

پێكراوە، وە دڵ ودەروون لاواز دەكات و دەیخاتە نێــو بێ هیوابوونەوە وە هەروەها مردن بەندە دەپچڕێنێت لە كردەوەی چاك و ئەنجامدانی عیبادەت و چاكەكاری ".

٥-دوعا وپاڕانەوە زۆربكە لای خوا، چونكە هەر ئەو شیفادەرە، وەكو دەفەرموێت: {أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ}[النمل:٦٢]. واتە: ئایا پەرستنی ئەوانەی كە دەیكەنە هاوبەش بۆ پەروەردگارتان باشتر و چاكترە یاخود پەرستنی ئەو خوایەی كە وەڵامی داوای كەسێك دەداتەوە كە تووشی بەڵاو ناخۆشی هاتووە و كارەساتەكەی لەسەر لادەبات.

هەرگیز پەلەی وەڵامدانەوەی دوعات نەبێت، لەبەر فەرموودەی: (يُسْتَجَابُ لِأَحَدِكُمْ مَا لَمْ يَعْجَلْ، يَقُولُ: دَعَوْتُ فَلَمْ يُسْتَجَبْ لِي) [١]، واتە: وەڵامتان دەدرێتەوە هەتا پەلە نەكەن و كەسەكە دەڵێت: هەر دوعا دەكەم و وەڵام نادرێمەوە.

بەڵكو دوعا زۆر دوبارە بكەرەوە و دڵنیابە كە وەڵام دەدرێیتەوە.

* * * * * *

[١] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٦٣٤٠) واللفظ له، ومسلم برقم (٢٧٣٥).

وە ڕوقیە شەرعیەکان بخوێنە چونکە هۆکارێکی کاریگەرن بۆ شیفا بە ئیزنی خوا، لەوانەش:

١- خوێندنی سورەتی فاتیحە لەگەڵ فوودا، وە خوێندنی ( قل أعوذ برب الناس، قل أعوذ برب الفلق، قل هو الله أحد ) سێ جار لەگەڵ فوودا، لەبەر فەرموودەی عائیشە لەو بارەیەوە کەلە هەردوو کتێبە صەحیحەکەی فەرموودەدا هاتووە.

٢- مەسح کردن بە دەستی ڕاست و وتنی: (أَذْهِبِ البَاسَ رَبَّ النَّاسِ، اشْفِ وَأَنْتَ الشَّافِي، لاَ شِفَاءَ إِلَّا شِفَاؤُكَ، شِفَاءً لاَ يُغَادِرُ سَقَمًا) [1]

٣- دانانی دەست لەسەر شوێنی ئازارەکە و سێ جار بسم الله کردن و وتنی: ( وأَعُوذُ بِاللهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ) [2]

٤- ئەو کەسەی ئەمانە دەخوێنێت و لیکی دەخاتە سەر پەنجەی و پاشان لەسەر خۆڵ دایدەنێت و دەیهێنێت بە شوێنی نەخۆشیەکەدا ودەڵێت: (بِسْمِ اللَّهِ، تُرْبَةُ أَرْضِنَا، بِرِيقَةِ بَعْضِنَا، يُشْفَى سَقِيمُنَا، بِإِذْنِ رَبِّنَا) [3]

٥- بەردەوام وتنی استغفرالله و تۆبەکردن و زیکری خوا.

٦- گومانی باش بە پەروەردگارت ببە، چونکە خوای گەورە ستەم لەکەس ناکات.

---

[1] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٥٦٧٥)، واللفظ له، ومسلم برقم (٢١٩١).

[2] صحيح مسلم برقم (٢٢٠٢)، ومالك وأبو داود.

[3] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٥٧٤٥) ومسلم برقم (٢١٩٤).

٧- چاوەڕێی لاچوونی نەخۆشیەکە بە و بزانە کە کرانەوەی دەرگای خێر وخۆشی لەگەڵ ناخۆشی و ناڕەحەتیدایە و تەنگانەش هاوکاتە لەگەڵ خۆشی و فراوانیدا.

٨- نەچیت بۆ لای ساحیر و جادووگەران و ئەو کەسانەی کە بانگەشەی زانینی عیلمی غەیب دەکەن.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ، لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً)[١]. واتە: هەرکەسێك بچێت بۆ لای جادووگەرێك و پرسیاری شتێکی لێ بکات ئەوا چل شەو نوێژی لێ وەرناگیرێت.

شێخ ابن بـــاز- ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت: " دروست نییە بۆ نەخۆش بچێت بۆ لای جادووگەر و ئەوانەی کە بانگەشەی زانینی عیلمی غەیب دەکەن بۆ ئەوەی نەخۆشیەکەی بۆیان باس بکات، وەکو چۆن دروست نییە کە بەڕاستیان بزانێت وباوەڕیان پێ بکات لەوەی دەیڵێن، چونکە ئەوان لەخۆڕا قسەدەکەن "[٢]

٩- خەفەت مەخۆ بۆ ئەو شتە دونیاییانەی لەدەستت چووە بەهۆی نەخۆشیەوە، چونکە دونیا هەمووی شایەنی غەم وخەفەت نییە بۆ لەدەستدانی.

---

[١] صحيح مسلم برقم (٢٢٣٠).

[٢] مجموع الفتاوي (٣/٢٧٤)

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ)[1]. واتە: ئەگەر دونیا هەموو بەلای خواوە بە ئەندازەی باڵە مێشولەیەك نرخی بوایە ئەوا نەیدەهێشت كافر قومە ئاوێكی لێ بخواتەوە.

پاشان ئەوە بزانە كە ڕزق و ڕۆزی تۆ خوای گەورە دەستەبەری كردووە و بۆتی نووسیوە، وەكو لە فەرموودەدا هاتووە: (إِنَّ الرِّزْقَ لَيَطْلُبُ الْعَبْدَ كَمَا يَطْلُبُهُ أَجَلُهُ)[2] واتە: ڕزق وڕۆزی بەدوای خاوەنەكەیدا دەگەڕێت وەكو چۆن ئەجەلەكەی بەدوایدا دەگەڕێت.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (لَا تَسْتَبْطِئُوا الرِّزْقَ، فَإِنَّهُ لَنْ يَمُوتَ الْعَبْدُ حَتَّى يَبْلُغَهُ آخِرُ رِزْقٍ هُوَ لَهُ، فَأَجْمِلُوا فِي الطَّلَبِ) [3] واتە: هاتنی ڕزق وڕۆزی بەدرەنگ مەزانن وپەلەتان نەبێت لێی، چونكە كەس نامرێت هەتا دوا بەشی ڕزق وڕۆزیەكەی پێی نەگات، بۆیە بەجوانی بەدوای ڕزقدا بگەڕێن.

١٠- سكاڵای ئەو زاتەی كە بەرەحمە بۆت لای ئەو كەسە مەكە كە بەڕەحم نییە بۆت، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (قَالَ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: " إِذَا ابْتَلَيْتُ عَبْدِي الْمُؤْمِنَ فَلَمْ يَشْكُنِي إِلَى عُوَّادِهِ أَطْلَقْتُهُ مِنْ إِسَارِي، ثُمَّ أَبْدَلْتُهُ لَحْمًا خَيْرًا مِنْ لَحْمِهِ، وَدَمًا خَيْرًا مِنْ دَمِهِ، ثُمَّ يُسْتَأْنِفُ الْعَمَلَ) [4].

---

[1] سنن الترمذي برقم (٢٣٢٠)، وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم (٥٢٩٢).
[2] صحيح ابن حبان برقم (٣٢٣٨)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع برقم (١٦٣٠).
[3] صحيح ابن حبان برقم (٣٢٣٩)، وهو في صحيح الجامع برقم ( ٧٣٢٣).
[4] شعب الإيمان للبيهقي برقم (٨٨٠١)، وهو في صحيح الجامع برقم (٤٣٠١).

واتە: خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ئەگەر بەندە باوەڕدارەكەم تووشی ناخۆشی و نەخۆشیەك كرد و سكاڵای لە من نەكرد لەلای سەردانیكەرانی ئەوا لەو ناخۆشیە دەری دەكەم وسەرفرازی دەكەم، پاشان گۆشت وخوێنی لاشەی دەگۆڕم بۆ گۆشت وخوێنێكی باشتر بۆی و پاشان سەر لەنوێ دەست دەكاتەوە بە كار وكردەوە.

بەڵام هەواڵ دانی نەخۆش سەبارەت بە نەخۆشیەكەی نەك وەكو سكاڵاكردن بەڵكو وەكو وەڵامدانەوەی پرسیار یان باس كردنی بۆ پزیشك یان بۆ كەسێك كە چارەسەرەكەی پێ بڵێت ئەوا دروستە.

پێشەوا ابن القیم دەڵێت: " ئەگەر نەخۆش حەمد و سوپاسی خوای كرد و پاشان باسی نەخۆشیەكەی كرد ئەوا بە سكاڵاكردن هەژمار ناكرێت بەڵام ئەگەر وەكو تورەیی و بێزاری باسی نەخۆشیەكە بكات ئەوا سكاڵایە و دروست نییە "[1]

پێشەوا ابن حجر دەڵێت: " ئەگەر نەخۆش باسی نەخۆشیەكەی بكات بۆ هاورێكەی یان پزیشكەكەی و باسی حاڵی خۆی بكات ئەوا هیچی تێدا نییە بە یەكدەنگی زانایان " [2]

١١- كاتەكانت بپارێزە و مەهێڵە كاتت بەفیڕۆ بڕوات وبەشتی بەسوود پڕی بكەرەوە و خۆتی پێ نزیك بكەرەوە لە پەروەردگارت و لەحەرام كراوەكان دووربكەرەوە.

---

[1] عُدَّةُ الصابرين (ص١٠٧).

[2] فتح الباري (١٢٤/١٠).

١٢- پەلە بکە لەنووسینی وەصیەت ئەگەر مافی خەڵکت بەسەرەوەیە یان مافی تۆ لای ئەوانە یان حەز دەکەیت وەصیەت بەشتێك بکەیت لە ماڵەکەت.

١٣- گەردنی خۆت ئازاد بکە لەو کەسانەی کە مافی بەسەرتەوە هەیە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (مَنْ كَانَتْ لَهُ مَظْلَمَةٌ لِأَخِيهِ مِنْ عِرْضِهِ أَوْ شَيْءٍ، فَلْيَتَحَلَّلْهُ مِنْهُ الْيَوْمَ، قَبْلَ أَنْ لاَ يَكُونَ دِينَارٌ وَلاَ دِرْهَمٌ، إِنْ كَانَ لَهُ عَمَلٌ صَالِحٌ أُخِذَ مِنْهُ بِقَدْرِ مَظْلَمَتِهِ، وَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَاتٌ أُخِذَ مِنْ سَيِّئَاتِ صَاحِبِهِ فَحُمِلَ عَلَيْهِ) [1].

واتە: هەرکەس ستەمی لەبراکەی کردووە لە ماڵی یان ناموسی ئەوا با ئەمڕۆ گەردنی خۆی پێ ئازاد بکات، پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت دینار ودیرهەم بونی هەبێت، بەڵام ئەگەر کردەوەی چاکی هەبێت ئەوا لێی دەبرێت بەئەندازەی ستەمکردنەکەی، وە ئەگەر چاکەی نەبێت ئەوا لە خراپەی ئەوان دەخرێتە سەر ئەم و کۆدەبێتەوە لەسەری.

١٥- لەکۆتاییدا ئەگەر خوای گەورە بەمنەتی خۆی شیفاتی داو چاك بوویتەوە ئەوا شوکر وسوپاسی بکە و بزانە کە لەشساغی لەچاکترین نیعمەتەکانە و بیقۆزەوە بۆ خواپەرستی و بەکاری بهێنە لە چاکە وگوێڕایەڵی خوادا.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

* * * * *

[1] صحيح البخاري برقم (٢٤٤٩).